فێرگەی رادیکالیست



# سێ سەرچاوە و سێ بەشە پێکهێنەرەکەی مارکسیزم

نووسینی: و. لینین

لەگەڵ شیکردنەوەیەکی وتارەکە

## سێ سەرچاوە و سێ بەشە پێکهێنەرەکەی مارکسیزم ... لینین


بابەتەکانی شیکردنەوە

دەروازە

**١- فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانی**

دیالەکتیك چییە؟

دیالەکتیك لای مارکس

**٢- ئابووری سیاسیی بەریتانی**

زێدەبایی چییە؟

**٣- سۆسیالیزمی فەڕەنسی**

سۆسیالیزمی خەیاڵی

سان سیمۆن

ئەوئن

فۆریە

**شیکردنەوەی هەندێك چەمك**

**خوێنەری خۆشەویست**

**ئەمـەی لەبەردەسـتدایە، بریتییـە لـە دەقـی وەرگێڕانـی وتـارێکی لینین بە ناوی سێ سەرچاوە و سێ بەشە پێکهێنەرەکەی مارکسیزم.**

**هاوکاتیش کۆی وتارەکە، بە چەند بەشێك شیکردنەوەی بـۆ کـراوە. شـیکردنەوەکان بابەتەکـە زیـاتر روون دەکەنـەوە و هاوکـاتیش هـەوڵ دراوە بە زمانێکی سادە شیکردنەوەکان بکرێت.**

**کۆی وتار و شیکردنەوەکان، بە مەبەستی قسـەوباس بـۆ "فێرگـەی رادیکالیسـت"ی سـەر بـە ئـەکاونتی فیسـبوکی رادیکالیسـت، ئامادەکراون، دوای تەواوبوونی دانیشـتن و قسەوباسـەکانی نـاو فێرگـە لەسـەر بابەتـەکان، بەباشـمانزانی بەشـێوەیەکی گشـتی بڵاویـان بکەینـەوە. لـەم بڵاوکردنەوەیانـدا، کـەمترین دەسـتکاری بەسـەر بابەتەکاندا کراوە و هەوڵ دراوە بە هەمان سـادەیی خۆیـان بمێننـەوە.. هیـوادارین دووبـارە بڵاوکردنـەوەیان لـە دەرەوەی فێرگـە، سـود و بەهایەکی تایبەتی خۆی هەبێت.**

**لـەکاتی دووبـارە دابەزاندنـەوەدا، هەوڵـدراوە، هـەمان دیزاینـی کتێبێکـی ئاسـایی ١٤×٢١ ی بـۆ بکرێـت و بەشـێوەی تـایبی PDF بخرێتە روو، تا هەر کەسێك، لـە سنووری تایبـەتی خۆیـدا، ئـارەزووی پرێنتکردنی بکات، کارەکەی بۆ ئاسان بێت.**

**بـەڵام ئەوەنـدەی دەگەڕێتـەوە بـۆ چـاپکردن، سـەرجەم مافـەکانی وەرگێڕان و شیکردنەوەکە بۆ ئەکاونتی رادیکالیست پارێزەرە.**

**"فێرگەی رادیکالیست"**

# سێ سەرچاوە و
# سێ بەشە پێکهێنەرەکەی مارکسیزم

**ف. ئ. لینین ٣ ی ئاداری ١٩١٣**

میتـۆدی مـارکس، لە گشـت جیهـانی مۆدێرنـدا تونـدترین دژایەتـی و رق لە نـاو دنیـای سـەرمایەداریدا ( سـا فەرمییەکەی بێت یـا لیبـراڵییەکەی )دەوروژێنێت، لەبەر ئەوەی مارکسـیزم بە بیدعەیەکی زەرەرمەند دەزانێت. دیارە نـاتوانین چـاوەڕوانییەکی لەوەباشـترمان هەبێـت. ئـاخر لە کـۆمەڵگەیەکی چینایەتیـدا کۆمەڵناسـییەکی ( بـێلایەن) نیـیە. هەر هەمـوو زانسـتی فەرمـی لیبراڵیزم، بە جۆرێک لە جۆرەکان، بەرگری لە کۆیلەیی کرێگرتە دەکـات، لە کاتێکدا مارکسـیزم جەنگێکی بێ پسـانەوەی لە دژی ئەم کـۆیلەتییە راگەیانـدووە. داواکردنـی بێلایەنـی لە زانسـتدا لە کۆمەڵگەیەکدا کە لەسـەر کـۆیلەیتی کرێگـرتە دروسـت بووبێت، ئەوەنـدە گـێلانەیە وەک ئەوە وایە داوا لە خاوەنکارەکـان بکەیـت کە بێلایەن بن لە پرسی کەمکردنەوەی قازانجەکانی سـەرمایە بە خـاتری زیـادکردنی کرێـی کرێکـاران. بەڵام خـۆ ئەمە هەمـوو شتەکە نییە، لەبەر ئەوەی مێژووی فەلسـەفە و مێـژووی کـاری کـۆمەڵایەتی بە روونـی دەریـدەخەن کە مارکسـیزم هیچـی لە سیکتاریزم ( واتە رێبـازێکی دۆگم و گۆشـەگیر و.ک) ناچێت کە بەدەر لە شارێی گەشەسەندن و تەکامولی شارستانێتی جیهانی دروسـت بووبێت. بگـرە بە پـێچەوانەوە بلیمەتیـی مـارکس رێـک لەوەدایە کە توانی وەڵامی هەموو ئەو پرسـانە بـداتەوە کە بیری

پیشەکەوتنخوازیی مرۆیی تەرحی کردووە. دۆکترینی (باوەڕ یا ڕێباز و.ک) مارکس وەک تەواوکەری ڕاستەوخۆ و دەستبەجێی دۆکترینی مەزنترین نوینەرانی نێو فەلسەفە، ئابووریی سیاسی و سۆسیالیزم هاتە ئاراوە. توانای بێئەندازەی باوەڕەکەی مارکس لەبەر ئەوەیە کە: ڕاستە، گشتگیر و هاوئاهەنگە و تێگەیشتنێکی یەکپارچە لەبارەی جیهانەوە دەخاتە ڕوو، لە هەمان کاتدا لەگەڵ هیچ جۆرە وەهمێک یا کۆنەپەرستییەک یا بەرگریکردنێک لە ستەمکاریی بۆرژوازیدا نایەتەوە. ئەم دۆکترینە میراتگریی شەرعیی باشترین ئەندێشەگەلێکە کە مرۆڤایەتی لەسەدەی نۆزدەدا لە شێوەی فەلسەفەی ئەڵمانی، زانستی ئابووریی ئینگلیزی وسۆسیالیزمی فەڕەنسی بەرهەمی هێنا بوو. لێرەدابە کورتی باسێکی ئەو سێ سەرچاوەیەی مارکسیزم دەکەین کە سێ بەشە پێکهێنەرەکەشییەتی.

## ١

ماتریالیزم فەلسەفەی مارکسیزمە. بەدرێژایی گشت مێژووی نوێی ئەوروپا، بەتایبەت لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدە لە فەڕەنسا، کە خەباتێکی یەکلاکەرەوە دژ بە هەموو خاشاکەکانی سەدەکانی ناوەڕاست و دژ بە کۆیلەتی لە دام و دەزگاکان و ئایدیاکاندا بەڕێوە دەچوو؛ ماتریالیزم تاکە فەلسەفەیەک بوو کە تەواوی تێڕوانینەکانی زانستی سروشتیی پەسەند کرد دژی هەرجۆرە وەهم و دەسەوسانییەک بوو. لەو ڕووەوە دوژمنانی دیموکراسی بەهەموو هێزیانەوە هەوڵیان دەدا ماتریالیزم "ڕەت بکەنەوە و پوچەڵی بکەنەوە و تۆمەتیان بۆ هەڵ دەبەست، ئەوان بەرگرییان لە فۆرمە جۆراوجۆرەکانی فەلسەفەی ئایدیالیزم

دەگرت کە بە جۆرێک لە جۆرەکان بەرگریکار و پشتیوانی ئایین بوو.

مارکس و ئەنگلس بە توندی بەرگرییان لە ماتریالیزمی فەلسەفی دەکرد و چەندین جار ئەوەیان روون دەکردەوە کە هەر چەواشەکارییەک لەو بنەمایانە هەڵەیەکی قووڵە. راکانی ئەوان زۆر بە روونی و دوورو درێژی لە کارەکانی ئەنگلسدا " لۆدفیگ فیۆرباخ" و" دژی دۆهرینگ" خراونەتە روو، کە ئەم دوو کتێبە وەکو مانیفێستی کۆمۆنیست کتێبی بەرباخەڵی هەموو کرێکارێکی وشیارن. بەڵام خۆ مارکس تەنها لە ماتریالیزمی سەدەی هەژدەدا نەوەستا، بەڵکو فەلسەفەی تا بەرزترین ئاستی خۆی برد، ئەوە بوو بەهەموو دەستهاوەردەکانی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی دەوڵەمەندی کرد، بە تایبەت بە دەستکەوتەکانی سیستمی هیگڵ کە ئەویش لەلای خۆیەوە سەرچاوەیەک بوو بۆ ماتریالیزمی فیۆرباخ. گرنگترین ئەو دەستکەوتانەیش، دیالەکتیکە، واتە تیۆرەی پەرەسەندن لە کامڵترین و قووڵترین فۆرمیدا کە لە هەر جۆرە تەسکبینییەک دوورە، دۆکترینی رێژەگەرایی دانایی مرۆڤ کە رەنگدانەوەیەکی قەشەنگی پەرەسەندنی هەمیشەیی مادەمان پێ نیشان دەدات. تازەترین دۆزینەوەکانی زانستە سرووشتییەکان - رادیۆم، ئەلکترۆن و گۆڕینی مادە - سەرەڕای بیروباوەڕی فەیلەسوفانی بۆرژوازی و گەڕانەوەی " تازە"یان بەرەو ئایدیالیزمی کۆن و بۆگەنکردوو ، بەڵام بە جوانی راستی و دروستی ماتریالیزمە دیالەکتیکەکەی مارکسیان سەلماند. مارکس ماتریالیزمی دیالەکتیکی قووڵ کردەوە و بەرەو پێشی برد و سەرەنجام گەیاندییە کۆتاییە لۆژیکییەکەی خۆی، هەروەها

چوارچێوەکەیشی لە زانینی سروشتییەوە بۆ مەعریفەی کۆمەڵگەی مرۆیی فراوان کردەوە. ماتریالیزمی مێژوویی مارکس، گەورەترین سەرکەوتنی بیری زانستیی بوو. ئەو فەوزا و گۆترەکارییەی کە تا ئەو کاتە بەسەر تێگەیشتنەکانی سیاسەت و مێژوودا زاڵ بوو، گۆڕی بە تیۆرەیەکی زانستیی قەشەنگ لە هاوئاهەنگی و گشتگیری و یەکپارچەییدا کە نیشانی دەدا چۆن چۆنی فۆرمێکی دیاریکراو لە ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی بەهۆی گەشەی هێزە بەرهەمهێنەرەکانەوە، فۆرمێکی باڵاتر سەرهەڵدەدات و گەشە دەکات، بۆ نموونە چۆن لە دەرەبەگییەوە سەرمایەداری لەدایک بوو. وەک چۆن زانینی مرۆڤ ڕەنگدانەوەی سرووشتێکە کە سەربەخۆ لەو هەیە، واتە ڕەنگدانەوەی مادە لە دۆخی گۆڕانیدا، ئاواش مەعریفەی کۆمەڵایەتیی مرۆڤ ( واتە بیرو باوەڕە جۆراوجۆرەکان و ڕێبازی فەلسەفی، ئایینی ، ئابووری و ... هتد) ڕەنگدانەوەی سیستمی ئابووریی کۆمەڵگەیە. دامەزراوە سیاسییەکان وەک سەرخانی ژێرخانێکی ئابووری دامەزراون. هەر بۆ نموونە ئێمە دەیبینین کە چۆن فۆرمە سیاسییەکانی دەوڵەتانی ئەورووپای هاوچەرخ ئامرازێکن بۆ پتەو کردنی دەسەڵاتی بۆرژوازی لەسەر پرۆلیتاریا. فەلسەفەی مارکس فەلسەفەیەکی ماتریالیستیی تەواوە، کە ئامرازی بەهێزی مەعریفیی بە مرۆڤایەتی و بەتایبەت چینی کرێکار بەخشیوە.

## ٢

دوای ئەوەی مارکس دیقەتی دا کە سیستمی ئابووری پایەیەکە کە بینای سەرخانی سیاسیی لەسەر دادەمەزرێت، زیاتر سەرنجی چووە سەر لێکۆڵینەوە لەو سیستمە ئابوورییە.

کتێبەکەی مارکس" سەرمایە" تەرخانە بۆ لێکۆڵینەوە لە سیستمی ئابووری لە کۆمەڵگەی مۆدێرن واتە سەرمایەداری. ئابووری سیاسیی کلاسیک، بەر لە مارکس، لە ئینگلتەرا دروست بوو کە ئەو کاتە پێشکەوتووترین وڵاتی سەرمایەداری بوو. ئادام سمیس و دەیڤید ریکاردۆ لە سیستمی ئابوورییان کۆڵییەوە و سەرەتایەکیان بۆ تیۆرەی بەها ـ کار دانا. مارکسیش بەردەوام بوو لەسەر کارەکەی ئەوان. ئەو بنەمایەکی زانستیی تەواو و شێوەیەکی تەبای بەو تیۆرەیە بەخشی. ئەوەیشی روون کردەوە کە بەهای هەموو کاڵایەک مەرجدارە بە کۆی کاتی پێویستەوە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایە.

لەکاتێکدا ئابووریناسانی بۆرژوازی پەیوەندیی نێوان کاڵاکانیان دەبینی( گۆڕینەوەی کاڵا بە کاڵا) مارکس پەیوەندی نێوان تاکەکانی دۆزییەوە. گۆڕینەوەی کاڵا دەربڕی پەیوەندیی نێوان تاکە بەرهەمهێنەرەکانە لە رێگەی بازاڕەوە. پارەش (دراو) نیشانەی ئەوەیە کە ئەو پەیوەندییە قاییم تر بووە و کۆی ژیانی ئابووریی تاکە بەرهەمهێنەرەکانی بە جۆرێکی لە دابڕان نەهاتوو لەیەک گشتدا کۆکردۆتەوە. سەرمایەش نیشانەی گەشەی دواتری ئەو پەیوەندییەیە: هێزی کاری مرۆییش دەبێتە کاڵا. کرێکار بەشێک لە هێزی کارەکەی بە خاوەنزەوی، خاوەنکار و ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان دەفرۆشێت؛ کرێکار بەشێک لە کاری رۆژانەکەی بۆ تازەکردنەوەی وزەی خۆی و ژیانی خانەوادەکەی خەرج دەکات، بەشەکەی تری کارەکەی بە خۆڕاییە، بەمەش زێدەباییەک بۆ سەرمایەدارەکە دروست دەکات، کە دەبێتە سەرچاوەی قازانج و سەرچاوەی دەوڵەمەندبوونی چینی سەرمایەدار. تیۆریی زێدەبایی بەردی

بناغەی تیۆرییە ئابوورییەکەی مارکسە. ئەو سەرمایەی کە لە ئەنجامی کاری کرێکارەوە دروست بووە: کرێکار دەهاڕێت، خاوەنکارە بچووکەکان تێک دەشکێنێت و لەشکرێک لە بێکاریش دروست دەکات. سەرکەوتنی مەزنی بەرهەم لە پیشەسازیدا شتێکی دیارە؛ بەڵام لە کشتوکاڵیشداهەمان دیاردە دەبینین: وەبەرهێنانی سەرمایە لە کشتوکاڵدا زیاتر باڵادەست دەبێت و بەکارهێنانی ئامێریش بەهەمان شێوە زیاد دەکات. وەبەرهێنانی جووتیاریی گوندنشینیش دەچێتە ژێر نیلی سەرمایەی ماڵییەوە و دادەڕمێ و لەژێر باری قورسی تەکنیکە دواکەوتووەکەیدا دووچاری وێرانبوون دەبێت. لە کشتوکاڵدا، داڕمانی بەرهەمهێنانی بچووک فۆرمی دیکەی هەیە و جیاوازە لە هی پیشەسازی، بەڵام خودی داڕمانەکە راستییەکە و قسە هەڵناگرێت. سەرمایە لە راستای زاڵبوونی بەسەر بەرهەمی بچووکدا، بەرهەمهێنەریی کار زیاتر دەکات و دۆخیکی مۆنۆپۆلییانە لە بەرژەوەندی کۆمەڵەکانی سەرمایەدارە گەورەکان دەخولقێنێت. خودی بەرهەمهێنان زیاتر لە پێشوو کۆمەڵایەتی دەبێتەوە - سەدان هەزار و ملیۆنەها کرێکار لە یەک ئۆرگانیزمی ئابووریی رێکخراودا دەچنە پاڵ یەکەوە - لە کاتێکدا تاقمێک سەرمایەدار بەرهەمی کاری کۆمەڵایەتی بۆ خۆیان دەبەن، ئیدی فەوزای بەرهەمهێنان و هەڵپەی شێتانە بەدوای بازاڕدا بەهێز دەبێت و دڵنیا نەبوون لە ژیان لە ناو زۆرینەی دانیشتوواندا بڵاو دەبێتەوە. سیستمی سەرمایەداری، پاشکۆیەتی کرێکاران بۆ سەرمایە زیاتر دەکات، بەمەش هێزێکی یەکگرتووی مەزنی کار دروست دەکات. مارکس شوێن پێی گەشەسەندنی سەرمایەداریی هەڵ گرت، هەر لە توخمە سەرەتاییەکانی ئابووری کاڵایی و ئاڵوگۆڕی سادەوە

تا فۆرمە باڵاکانی، بەرهەمهێنانی گەورە. ئەزموونی وڵاتانی سەرمایەداری، بە وڵاتە کۆن و نوێیەکانەوە، ساڵ بە ساڵ دروستیی ئەم دۆکترینەی مارکس بۆ ژمارەیەکی زیاتر لە کرێکاران روون دەکاتەوە. سەرمایەداری لە تەواوی جیهاندا سەرکەوت، بەڵام ئەم سەرکەوتنە هیچ نییە جگە لە پێشەکییەک بۆ سەرکەوتنی کرێکاران بەسەر سەرمایەداریدا.

## ٣

کاتێک سیستمی دەرەبەگی رووخێنرا و کۆمەڵگەی " ئازاد"ی سەرمایەداری پێی نایە مەیدانەوە، یەکسەر دەرکەوت کە ئەم ئازادییە واتە سیستمێکی نوێی چەوساندنەوەی کرێکاران، هەر دەستبەجێش چەندین ڕێبازی سۆسیالیستیی وەک ڕەنگدانەوەی ئەم چەوسانەوەیە و ناڕازیی بوون پێی سەریان هەڵدا. بەڵام سۆسیالیزمی سەرەتایی تۆباویی (خەیاڵی) بوو. ئەم سۆسیالیزمە ڕەخنەی لە کۆمەڵگەی سەرمایەداریی دەگرت، لۆمەی دەکرد و نەفرەتی بۆ دەنارد و خوازیاری لەناوچوونی بوو، سیستمێکی باشتری لە ئەندێشەدا برەو پێ دەدا و هەوڵی دەدا کە دەوڵەمەندان بهێنێتە سەر ئەو باوەڕەی کە قۆستنەوە و چەوساندنەوە ناکۆکە لەگەڵ ئەخلاقدا. بەڵام سۆسیالیزمی خەیاڵی نەیتوانی ڕێگەچارەیەکی واقیعی بخاتە روو. ئەم سۆسیالیزمە نە دەیتوانی ناوەڕۆکی کۆیلەیی کرێگرتەی ژێر سایەی سەرمایەداری لێک بداتەوە و نە یاساکانی گەشەسەندنی بدۆزێتەوە و نە ئەو هێزە کۆمەڵایەتییەش بدۆزێتەوە کە دەتوانێت کۆمەڵگەی نوێ بەدی بهێنێت. بەڵام زریانی ئەو شۆڕشانەی کە هاوکات بوون لەگەڵ کەوتنی دەربەگایەتی و

کـۆیلایەتی لە ئەورووپـا بە گشـتی و فەڕەنسـا بە تـایبەتی بە روونییەکـی زیـاترەوە دەری دەخسـت کە خەبـاتی چینـایەتی بنـاغەی هەمـوو پەرەسـەندنێکە و هێـزی بزوێنەریشـێتی. چـونکە هیچکـام لە سـەرکەوتنەکانی ئـازادیی سیاسـی بەسـەر دەرەبەگەکانـدا بەبـێ بەرەنگـارییەکی سـەروماڵی بەدەسـت نەهێنراوە. هیچ وڵاتێکی سەرمایەداری نەبووە کە بەبێ خەبات و گیانبازیی نێوان گشت چینەکانی کۆمەڵگەی سەرمایەداری، بەم رادە و بەو ئاسـت، لەسـەر بنـاغەی ئـازادی و دیموکراسـیی دامەزرابێت.

بلیمەتیی مارکس لێرەدایە کە یەکەمین کەس بوو توانی لەمەوە ئەنجامگیرییەک بەدەست بهێنێت کە مێژووی جیهان گرتوویەتییە خۆی و بە شێوەیەکی رێک وپێک هەتا کۆتایی پراکتیزەی کرد، ئەو ئەنجـامگیرییەش بـریتییە لە بـاوەڕی خەبـاتی چینـایەتی. خەڵکی ئەگەر فێری ئەوە نەبن کە لەو دیوی رستە و دەربڕین و بەڵێـنە ئەخلاقـی، ئـایینی ، سیاسـی و کۆمەڵایەتییەکـانەوە بەرژەوەندیی چینە جیاوازەکان بەدی بکەن، هەمیشە لەسیاسەتدا دەبنە قوربانیی گێلێتی و خۆ هەڵخەڵەتاندنی خۆیان. قارەمانانی ریفۆرم و چاکسازیش هەتا ئەو کاتەی تێ نەگەن لەوەی گشت دەزگـایەکی کـۆن، بە هەر ئەنـدازەیەک بەربەری وگەنیـویش دەربکەوێـت، پشـتی بە هێـزی چیـنە باڵادەسـتەکان بەسـتووە، بەردەوام لە لایەن بەرگریکـــارانی سیســـتمی کـــۆنەوە دەگەوجێنرێن.

کەوایە بـۆ ئەوەی بەرگریـی ئەو چینـانە بپلیشـێنینەوە هـیچ رێگەیەکیتـر نییە جگە لەوەی هەر لەو کۆمەڵگەیەدا کە تێیداین، ئەو هێـزانە بـدۆزینەوە کە دەتـوانن، بە حـوکمی پـێگە

کۆمەڵایەتییەکەشیان دەبێت بتوانن، ببنە ئەو هێزەی کە کۆنەکان رادەماڵێت و تازە دەخوولقێنێت، پاشان ئەو هێزە وشیار بکەینەوە و رێکی بخەین بۆ خەباتکردن. تەنها فەلسەفەی ماتریالیزمی مارکسە کە بۆ دەربازبوون لە کۆیلەیەتی مەعنەویی، کە هەموو چینە ستەم لێکراوەکانیش تائێستا تێیدا سەرگەردان ماون، ئەو رێگەی بۆ پرۆلیتاریا رۆشنکردەوە کە دەبێت بیگرێتە بەر. تەنها تیۆریی ئابووری مارکس بوو کە بارودۆخی راستەقینەی پرۆلیتاریای لە گشت سیستمی سەرمایەداریدا روون کردەوە.

رێکخراوە سەربەخۆکانی پرۆلیتاریا لە گشت جیهاندا لە زۆر بووندان، هەر لە ئەممریکاوە تا ژاپۆن، لە سویدەوە تا ئەفریقای باشوور، پرۆلیتاریا لە جەرگەی خەباتە چینایەتییەکەیدا فێر دەبێت و پەروەردە دەبێت لە وەهمەکانی کۆمەڵگەی بۆرژوازی رزگاری دەبێت و بەردەوام یەکێتییەکەی پتەو تر دەبێت و فێر دەبێت کە چۆن پێوەری سەرکەوتنەکانی بخەملێنێت و هێزەکانی خۆی زیاتر قاییم بکات و بەبێ بەرەنگاریی گەشە بکات.
ف. ئ. لینین ٣ ی ئاداری ١٩١٣

**وەرگێڕانی: حەسەن حسێن**

• بۆ ئەم وەرگێڕانە سوودم لە هەرسێ دەقە ( عەرەبی، فارسی و ئینگلیزییەکە وەرگرتووە کە لینکەکانیان لە خوارەوە دادەنێم)

http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=8890
https://www.marxists.org/archi…/lenin/works/1913/mar/x01.htm
/http://comon.blogsky.com/1388/07/24/post-3

# بابەتەکانی شیکردنەوە

**دەروازە:**

ئـەوەی لـە سـەرەتاوە دەمانـەوێت بچینـە سـەری، ناسـینی فەلسـەفەیەکە بـەناوی (فەلسـەفەی مـارکس) کـە پێکهێنـەرەکانی مـارکس و ئەنگلسـە و دواتـریش بەشـێوەی جۆراوجـۆر کـاری لەسەر کراوەو لە جیهانی فکردا بە (مارکسیزم) ناسراوە.

کەواتە، سەرەتای کاری ئێمە ئەوەیە، کە بپرسین مارکسیزم یان فەلسەفەی مارکس چییە؟ بۆ ئەمە پێویستە تەواوی میتۆدی مارکس بخەینە بەر باس، ئەمەش پێویستی بە ماوەیەکی زۆرە و دەکرێـت کـاری داهاتوومـان بێـت، لانیکـەم هـیچ نـەبێت شارەزاییەکی بنەڕەتی لەسەر مارکسیزم وەربگرین .

بـەڵام ئێمـە دەمانـەوێت لـە خـاڵێکی زۆر سـەرەتاییەوە دەست پێبکـەین. ئـەویش بچینـە سـەر ئـەو بوارانـەی کـە هاوکارییـان کردووە لـە دروستبوونی فەلسـەفەی مارکسـیزم دا. بەواتایـەکی تـر، ئێمـە دەچینـە سـەر زەمینـە فکرییـەکانی دروسـتبوونی مارکسیزم .

زۆر جار دەوترێت، کە مارکسیزم، یان فەلسـەفەی مارکس زادەی بیری کەسێکە، بیری کردوەتەوە و نووسیویەتی و دواتر وەک جۆرێک دەقی پیرۆز خراوەتە روو. ئەم جۆرە تێگەیشتنە، لـە رواڵەتـدا وەسـفی مـارکس و مارکسـیزم دەکـات، بـەڵام لـە جەوهـەردا دەبێتە رێگر لەبەردەم تێگەیشتنی مارکسی حەقیقی دا. ئـەم جـۆرە تێگەیشـتنە لـەبری ئـەوەی هاوکاریمـان بکـات

مارکس لە سیاقێکی مێژوویدا بناسین، ئەوا دەبێتە شێواندن و سەرەنجام جۆرێک دەروێشی و تێگەیشتنی سەتحی دروست دەکات و رێگا نادات بگەینە قوڵایی فەلسەفەکە.

مارکسیزم، زادەی بیری بەشەرییە، زادەی مێژووییەکی دووردرێژی بیرکردنەوەی مرۆڤ بووە، کە بەشێوەی بیری فەلسەفی، بیری سیاسی و ئابووری خۆی خسۆتە روو. کەواتە سەرەتای تێگەیشتن لە مارکسیزم لە تێگەیشتنی فەلسەفەکانی پێش مارکس، یان هاوسەردەمی مارکسەوە دە ستپێدەکەین. گرنگی ئەم باسانەی لینینیش لەوەدایە، کە پێما دەڵێت، مارکسیزم وەک فەلسەفە و بیرێکی وشک و بێ پەیوەند سەری هەڵنەداوە

بۆ ئەم کارەش، نوسراوێکی لینین بە ناوی (سێ سەرچاوە و سێ بەشی مارکسیزم) دەکەینە بنەماو هەوڵ دەدەین، دیزاینی باسەکەمان بە گوێرەی دیزاین و داتاکانی ئەو نووسراوە دابرێژین. مەرج نییە لە سنووری ئەو وتارەدا بمێنینەوە، بەڵکو دەکرێتە ئەوە چوارچێوەیەکی گشتی بێت و بە زانیاری زیاتر دەوڵەمەندتر بکرێت.

بۆ ئەم وتارە کراوەتە دەستپێک؟

ئەم وتارە کورتە، تێگەیشتنی ئاسانە و ئاماژە بۆ سێ سەرچاوەی زۆر گرنگ دەکات:

**یەکەم: فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانی**

**دووەم: سۆسیالیزمی فەرەنسی.**

**سێیەم: زانستی ئابووری بەریتانی.**

ئەم سێ بەشەی لە سەرەوە ئاماژەیان بۆ کراوە، بەرهەمی سێ وڵاتی جیاواز بوون، کە ناوەکانیان هاتووە. ئەوەندەی دەگەڕێتەوە بۆ خستنەوەکاری ئەم بەرهەم و سەرچاوانە لە

فکـری مارکسـی دا، بەرهەمـەکان وەک خۆیـان، بـێ رەخنـەو هەڵسەنگاندن، وەرنەگیراون، بەڵکو وەک کەرەستەیەکی خاو، لە پرۆسـەیەکی رەخنەگرانـەدا، لـە دروسـتبوونی فەلسـەفەی رەخنەگرانـەی مـارکس دا بـەکارهاتوون و سـەرەنجام، لـە سـێ سەرچاوەوە بوونەتە سێ بەشی پێکهێنەری فەلسەفەکەش.

کەواتە دەگەینە ئەوەی کە بڵێین هێزی داهێنەرانەی مارکس و ئـەنگلس لەمەدایـە کـە وەڵامـی ئـەو پرسـیارانە دەدانـەوە، کـە پێشڕەوانی بیری مرۆڤایەتی پێشتر خستویانەتە روو، بە تایبەت لە بوارەکانی فەلسەفە و زانستی ئابووری و سۆسیالیزم دا. بە ڕای لینین، بەهێزی فەلسەفەی مارکسیزمیش دەگەڕێتەوە بۆ ئەم لایەنە.

لـە پێشـەکی وتارەکـەی لینـین دا ئـەم تێکسـتە هـاتووە" :لـە کۆمەڵگایەکدا کە لەسەر بنەمای ململانێی چینایەتی بونیاتنراوە، هـیچ زانسـتێکی کۆمەڵایـەتی "بـێ لایەنانـە" ناتوانێـت هـەبێت ." لە راستیدا جیاوازی مارکسیزم لەگەڵ فکرو فەلسـەفەکانی تردا، ئەوەیە کە بە ئاشکرا لایەنگری خۆی لە کێشە کۆمەڵایەتییەکان، ململانـێ چینایەتییـەکان، بۆچوونـە شۆڕشـگێڕو کۆنـەپارێزەکان دەربڕیوە. ئەم لایەنە مارکسیزمی کردووەتە بیرێکی شۆڕشگێڕو خۆشەویسـت، بـەڵام هـەر ئـەم لایەنـەش کێشـەی دژایەتییـەکی گـەورەی بۆچوونـە بورژوازییـەکان بەرامبـەر بـە مارکسـیزم دروستکردووە و تەقریبەن کۆی هەوڵی فەلسەفە و کۆمەڵناس و بیری سیاسی بورژوازی بۆ ئەوە بووە مارکسیزم وەک بیرێکی نازانستی یان جۆرێک وەهم بخەنە روو. ئەم دژایەتییە لە رۆژی سەرهەڵدانی مارکسیزمەوە تا ئەمڕۆ بەردەوامە.

ئێمـە لـە بەشـەکانی داهـاتوودا ( بەسـێ بـەش) گفتوگۆی ئەو سێ لایەنە دەکەین .

## فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانی

بەشی یەکەم لە فەلسەفەوە دەست پێدەکەین. بابەتی ماتێریالیزم و ئایدیالیزم.

فەلسەفەی مارکسیزم ماتێریالیزمە. واتا بەشێوەیەکی بنەڕەتی سەر بەو فەلسەفەیە کە جیهانبینییەکی ماتێریالیستی بۆ بوون و پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤەکان و سیستەمەکانی بەرهەمهێنان هەیە .کەواتە ماتێریالیزم چییە؟

بۆ ئەوەی واتای چەمکەکان ڕۆشن بێت، لێرە باسی ماتێریالیزم و ئایدیالیزم دەکەین:

ماتێریالیزم: بەو فەلسەفەیە دەڵێن، کە پێی وایە ماددە سەرەکییە و هەرچی فکر و بیرکردنەوەی مرۆڤە بەرهەمی ئەو ماددەیە. ئایدیالیزم: بەو فەلسەفەو بیرە دەڵێن، کە پێی وایە فکر پێش ماددە دروست بووە.

جیاوازییەکانی نێوان ئەو دوو فەلسەفەیە چییە؟ فریدریک ئەنگلس، کە هاوڕێی مارکس بووە و بە یەکەوە ئەو فەلسەفەیان داڕشتووە، لەبارەی جیاوازی نێوان ماتێریالیزم و ئایدیالیزم دەڵێت :

سەرجەم ڕەوتەکانی فەلسەفە لە کۆنەوە تا ئێستا، لەسەر وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەی کە فکر پێش ماددەیە، یان ماددە پێش فکرە، دابەش بوون بەسەر دوو مەکتەبی فەلسەفی جیاواز

و دژ بە یەک، کە ئەوانیش ماتێریالیزم و ئایدیالیزمە. ماتێریالیستەکان، پێیان وایە کە ماددە پێش فکر دەکەوێت، لە کاتێکدا کە ئایدیالیستەکان پێیان وایە کە فکر پێش ماددە دەکەوێت.

(بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن سەیری کتێبی "فۆبەرباخ و کۆتایی فەلسەفەی کلاسیکی ئەڵمانی" بکەن کە ئەنگلس نووسیویەتی)

بەهەمان شێوەش لینین لەو تارەکەی خۆیدا، باسی ئەوە دەکات، کە لە سەرانسەری مێژووی نوێی ئەوروپا و بە تایبەت لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم، لە فەرەنسا، ماتێریالیزم بە شێوەیەک زاڵ بوو کە بواری بۆ فەلسەفە و بیرکردنەوە نا ماتێریالیستی و دواکەوتووییەکانی تر نەهێشتبووەوە. لە بەرامبەر بۆ دژایەتی ئەم رەوتە ماتێریالیستییە، پەنا دەبرایە بەر ئایدیالیزم، تا وەک پەنای کۆنەپەرستی بەکاربێت.

ئەمەش نیشانەی ئەوەیە کە سەرباری دابەشبوونی فەلسەفە بەسەر ئەو دوو رێباز و مەکتەبە فکرییەدا، بەڵام مەرج نییە هەموو ئایدیالیستەکان بە یەک شێوە و هەموو ماتێریالیستەکانیش بە یەک شێوە بیریان کردبێتەوە. لەناو هەردووکیاندا دابەشبوون هەیە. بۆنمونە ئایدیالیزمی ئەفلاتون، جیایە لە ئایدیالیزمی هێگڵ.

فەلسەفەی مارکسیزم ماتێریالیستییە .مارکسیزم سەر بە فەلسەفەی ماتێریالیزمە و بە تەواوی هاوڕای ئەوەیە کە ماددە سەرەکییە و بیرکردنەوەی مرۆڤ و بەرهەمە مەعنەوییەکان بەهۆی ماددەوە دروست بوون. مارکس و ئەنگلس زۆر پشت ئەستورانە بەرگریان لە ماتێریالیزم کردووە و دژی هەر جۆرە رەتکردنەوەیەکی بوون .

بەڵام ئەی چۆنە، کە ئایدیالیزم بووە یەکێک لە سەرچاوەکانی فەلسەفەی مارکسیزم؟ لەکاتێکدا ئەم فەلسەفەیە خۆی بە تەواوی ماتێریالیستییە. ئەمە ئەو شتەیە کە تەنانەت مارکسییەکان خۆشیان زۆر جار لێی تێناگەن و دەکەونە هەڵەوە.

ئەو فەلسەفە ئایدیالیستییەکەی وەک جۆرێک سەرچاوەی مارکسیزم کار دەکات، بریتییە لە فەلسەفەی هێگڵ .

لەدوای مەرگی هێگڵ، لەناو ڕەوتی فەلسەفەی ئەڵمانیدا، دوو جۆر دابەشبوون ڕوویداوە، یەکەمیان پێیان وتراوە هێگڵییە پیرەکان و پێیان وابووە کە هێگڵ بۆ خۆی وەک جۆرێک ئایینی فەلسەفی کار دەکات و هەموو شتەکانی وتووە. بەڵام جۆری دووەمیان بە هێگڵییە لاوەکان ناسراون و پێیان وابووە، کە فەلسەفەی هێگڵ کەموکوڕی هەیە و دەبێت چارەسەر بکرێت. ئەوان بە زۆری پێیان وابووە، کە فەلسەفەی هێگڵ ئایدیالیستییە و ڕەخنەکانی خۆیان بە ماتێریالیزمی داناوە. فۆیەرباخ نموونەی دیاری ئەم ڕەوتە بووە.

مارکس خۆی لەژێر کاریگەری فۆیەرباخ دا بووە، بەڵام دواتر دەکەوێتە ڕەخنە لێی و پێی وایە، کە فۆیەرباخیش هێشتا هەر لە سنووری ئایدیالیزمی هێگڵ دا وەستاوەتە و سەرباری ڕەخنە ماتێریالیستەکانی هێشتا نەیتوانیووە سنووری ئەو فەلسەفەیە تێپەڕ بکات .

ئەو شتە چی بووە، کە مارکس لە هێگڵەوە وەریگرتووە: جیاوازی مارکس و ئەنگلس لەگەڵ فەلسەفەی ماتێریالیزمی ئەو سەردەمەدا، دەگەڕێتەوە بۆ لایەنی بڕوا بوون بە یاساکانی

"دیالەکتیک" کە ئەو سەردەمە خۆی بەشێک بووە لە فەلسەفەی ئایدیالیزمی هیگڵ و لە راستیشدا دروستکەرە سەرەکییەکەش هەر هێگڵ خۆی بووە. مارکس سەرباری ئەوەی بڕوای بە ئەسڵییەتی مادده هەبووە، ئەوا هاوکاتیش رەگەزی دیالەکتیکی بۆ ناو فەلسەفەی خۆی زیاد دەکات، و بەم شێوەیە سود لە فەلسەفەیەکی ئایدیالیستی وەردەگرێت بۆ تەواوکردنی فەلسەفەکەی خۆی. لێرەدایە کە مارکس و ئەنگلس لە فەلسەفەی ئایدیالیزمی ئاڵمانی، بەتایبەتی لای هێگڵ، دیالەکتیک وەردەگرن و دەبێتە بەشێکی سەرەکی و کۆمەڵەکە لە فەلسەفەی مارکس دا.

**دیالەکتیک چییە؟**

زانیاری گشتی: ئەم چەمکە یەکەم جار یۆنانییەکان بەکاریانهێناوە. مەبەستی ئەوان لە دیالۆگی نێوان دوو کەسی خاوەن بۆچوونی جیاوازبووە، بەڵام لەسەر یەک بابەتی دیاریکراو قسەو باسیان کردووە. بە واتای هونەری گفتوگۆ و جەدەل.

بەڵام ئەم چەمکە لە فەلسەفەی تازەدا گۆڕانێکی تەواوی بەسەردا هاتووە و مەبەست لە پرۆسەیەکی گەشەکردن بووە. کە لای هیگل، سەرەتا فەهم هەیە و دواتر دەبێتە دەبێتە رەتکردنەوەی فەهمەکە و سەرەنجام حەلبوونی هەردووکیان بە یەکەوە بەدەستەوەدانی ئەنجامی سێیەم، یان کۆتایی، کە حەلی ناکۆکییانە) .لای هیگڵ ئەم چەمکە لە بواری ئایدیادا بەکارهاتووە، واتا لە شیکردەوەی بیر (فکر)دا

## دیالەکتیک لای مارکس:

مارکس دیالەکتیک دەخاتە ناو پەیوەندییەکی ماتێریالیستی، دەیبەستێتەوە بە بابەتی "ناکۆکی " . بەشێوەیەکی تری مارکس، ئەم بابەتە دەباتەوە ناو مێژووی ماددی مرۆڤ. بۆیە کاتێک رەخنە لە دیالەکتیکی هێگڵ دەگرێت، دەڵێت: شێوەی دیالەکتیکی من پێچەوانەی هێگڵە و دیالەکتیکی ئەو لەسەر سەر وەستاوە و من خستومەتەوە سەر قاچ) کە مەبەستی ئەوەیە دیالەکتیکی لە بابەتی فکرەوە گوێزاتەوە بۆ بابەتی بوونی حەقیقی مرۆڤەکان.

گەورەترین ناکۆکی لای مارکس دەگەڕێتەوە بۆ ناکۆکییەکانی یان گەشەی هێزەکانی بەرهەمێنان و پەیوەندییەکانی بەرهەمهێنان.

کەواتە جیاوازی نێوان دیالەکتیکی هێگڵا و مارکس، دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی نوان شێوەی ئایدیالیستی و شێوەی ماتێریالیستی هەردووکیان. جیاوازییەکی تری مارکس ئەوەیە کە دیالەکتیک لای مارکس دەبێتە شۆڕشگێڕانە و رەخنەگرانە . دیالەکتیک لای مارکس دەبێتە شێواز یان ریبازێک بۆ شیکردنەوەی پەیوەندییەکانی سەرمایەداری.

## مەبەستی مارکس، لەوە چییە کە دیالەکتیکی هیگڵی لەسەر سەر وەستاوە؟

مەبەست ئەوەیە کە هیگڵ پەیوەندییەکانی نێوان فکر و مادده سەروبن دەکات و فکر دەکاتە پێشمەرجی مادده. لای مارکس ئەمە پێچەوانە دەبێتەوە.

بەشێوەیەکی سادە، دیالەکتیک بریتییە لە بوونی پەیوەندی دوو لایەنەی شتەکان، کە کاریگەری دەکەنە سەر یەکتر. واتا

هیچ شتێک نییە کە پەیوەندییەکی جەدەلی، وەرگرتن و بەخشینی لەگەڵ ئەوانی تردا نەبێت، شتەکان لە پەیوەندییەکی ناکۆکیدان، بەهۆی ئەو ناکۆکییەوە یەکتر تێدەپەڕێن و دەچنە قۆناغێکی ترەوە.

لە زمانە فەلسەفەییەکەیدا، دیالەکتیک بە زۆری بە بۆچوونەکەی هێگڵ ڕوون دەکرێتەوە، بەم جۆرە: )یەکەم جار شتێکمان هەیە، ئەمە پێی دەوترێت تێز، دواتر ئەو شتە بەرەو رووی ناکۆکی دەبێتەوە، شتەکە ناکۆکە دەبێتە دژی تێزەکە، کە پێی دەوترێت ئانتی تێز، سەرەنجام لە ئەنجامی ئەو ناکۆکییەشدا هەردوو تێز و ئانتی تێز لەیەکتر لەناو دەبەن و گەینە ئەنجامێک کە پێی دەوترێت سان تێز (هێگڵ ئەم یاسایە بۆ رەوتی فکر و رۆح و دەرکەوتنی رۆح و سەرەنجام کامڵبوونی رۆح و بیری رەها دادادەنێت) .ئەمە وەک زانیارییەکی بنەڕەتی، بەشێک نییە لە باسەکەی ئێمە، هیواداریین خۆتان بتوانن بەدواداچوونی بۆ بکەن. وەک سەرچاوە کتێبی دووەمی نێگەتیڤ بەناوی "دیالەکتیک" کە لە بڵاوکراوەکانی گروپی نێگەتیڤە، سەرچاوەیەکی باشە(

ئەگەر ئەم یاسایە، بە هاوکاری مارکس شی بکەینەوە و بیخەینە سەر ئەرزی واقیع بەم جۆرە دەبێت: )سەرمایەداری خۆی وەک تێز وەردەگرین، ناکۆکییە چینایەتییەکانی نێوان سەرمایەدار و کرێکار ئانتی تێزەکەیە، کە جۆرێک وەستانەوە بەرامبەر تێزەکە وەردەگرێت. سەرەنجامیش بەهۆی ئەم ملەلانێوە، ئێمە دەگەینە سیستەمێکی تر، کە سان تێزەکەیە(

توانای داهێنەرانەی مارکس لەوەدا بوو، کە سەرباری ئەوەی ماتێریالیست بووە، بەڵام ئەم لایەنە بەهێز و شۆڕشگێڕەی ناو

فەلسەفەی ئایدیالیستی ئەڵمانی لەدەست نەداوە و فەلسەفەکەی خۆی لەسەر بنەمای ماتێریالیزمێکی دیالەکتیکی بنیان ناوە و وەک میتۆدێک بۆ شیکردنەوەی گەشە و فراوانبوونی پەیوەندییەکانی ناو کۆمەڵگاکان بەکارهێناوە .
مەبەست لە شۆڕشگێڕی ئەم یاسایە، بڕوابوونە بە گۆڕان و نەوەستان .

بەڵام دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرین، کە مارکس لە وەرگرتنی دیالەکتیک دا، لایەنە ئایدیالیستەکەی ئەو فەلسەفەیەی رەتکردووەتەوە و لایەنە شۆڕشگێڕییەکەی تێکەڵاو بە فەلسەفەکەی خۆی کردووە. بە قسەی خۆی، هێگڵی سەروبن کردووەتەوە.

## ئابووری سیاسیی بەریتانی

مــارکس ســەرنجێکی زۆری داوە ئــابووری و بەشــێوەیەکی سەرەکیش سەرنجی چووەتە سەر ئابووری سیاسی کلاسیکی، کە ســەرچاوەی ئابوورییــەش دەگەڕێتــە بۆ دوو ئابووریناسی بــەناو بانــگ (ئــادام ســمیس و دەیڤیــد ریکــاردۆ) ئــەوەی ئــادام سمیس و دەیڤیــد ریکــاردۆ بەدەســتیان هێنــاوە پەیوەندی نێوان کاڵاو کاڵا بووە. بەڵام مارکس لەم پەیوەندییــەدا پەیوەنــدی مرۆڤــی بــە مرۆڤــەوە دۆزیوەتــەوە. بەشێوەیەکی گشتی، ئادەم سمس و ریکاردۆ، سامانی گشتییان شــیکردوەتەوە. بــەڵام مــارکس بیــری لــە گــۆڕینی سیســتەمی ئــابووری کردووەتــەوە. چ ئــەوان و چ مــارکس، لــە ئــابووری سەرمایەدارییەوە دەستیان پێکردووە، بەڵام ئەنجامگیرییەکانیان تەواو جیاواز بووە.

شتێک، کە مـارکس لـە رەخنـەی ئابووری سیاسـی دا پێی گەیشـت، دۆزینـەوەی ئـەو راسـتییە بـوو، کـە " بەهـای هەمـوو کاڵایەک مەرجدارە بە کۆی کاتی پێویستەوە بۆ بەرهەمهێنانی ئەو کاڵایە" واتا بەهای کاڵا بەهۆی ئەو کارەوە دیاری دەکرێت، کە لە دروستبوونی کاڵاکەدا بەکار هاتووە.

ئــەتوانین بەشــێوەیەکی گشــتی، رەخنــەی مــارکس لەمــەدا ببینینەوە:

مـارکس قۆنـاغی سـەرمایەداری، وەک جۆرێـک لـە پەیوەنـدی بەرهــەمهێنانی نێـوان مرۆڤــەکان بینیوەتــەوە، کــە ئــەو قۆنـاغـە

شێوازێکی تایبەتی بەرهەمهێنانی هەیە و تێیدا، بەرهەم هاتووەکان دەبنە کاڵا و لەپێناو فرۆشتن دا دەخرێنە روو. لای مارکس، پەیوەندی کاڵایەک لەگەڵ کاڵایەکی تردا، بریتییە لە پەیوەندی مرۆڤەکان بە یەکەوە و هەر چی پارەیشە ئەم پەیوەندییە رێک دەخات و دووبارەی دەکاتەوە.

بەرای مارکس، لە سیستەمی ئابووری سەرمایەداریدا، هەموو شتێک دەبێتە کاڵا. هێزی کاری کرێکارێک، کە سەرچاوەی کاڵاو بەرهەمهێنانە ئەویش وەک کاڵایەک کار دەکات و دەفرۆشرێت و دەکڕدرێت.

مارکس لەگەڵ ئەوەی دەیبینی کە کار سەرچاوەی هەموو بەرهەمەکانە، هاوکاتیش ئاماژەی بۆ ئەو پرۆسەیە دەکرد، کە چۆن بەهۆی چەوساندنەوەی کرێکارانەوە دەستکەوتی کار و سەرمایە زیاد دەکات. پارەیەک کە لە پرۆسەی کاری سەرمایەداریدا دێتە دەست، لای مارکس پێی دەوترێت "زێدەبایی" یان بەهای زیادە.

## زێدەبایی چییە؟

مارکس پێی وایە، کە کرێکار لە کاتی کاردا، کارەکەی دابەش دەبێت بۆ دوو بەش:

١- کاتی کاری پێویست. واتا ئەو کاتەی کە بۆ قەرەبووکردنەوەی ئەو بڕە پارەیەی پێی دراوە کار دەکات.

٢- کاتی کاری سەربار. مەبەست لەوەیە کە دوای قەرەبووکردنەوەی بەهای کرێکەی، ئەوا ماوەیەکیش کار دەکات بۆ خاوەنی کارەکە، بێ ئەوەی کرێی پێدرابێت.

بۆ نمونە: کرێکارێک ڕۆژانە بە ٣٠ هەزار دینار کار دەکات. واتا هێزی کارەکەی بە ٣٠ هەزار دینار لێکڕاوە. ئەگەر ئەم کرێکارە ١٠ سەعات کار بکات، ئەوا لە بڕی ٥ سەعاتی یەکەمدا ئەتوانێت بە قەدەر ئەو کرێیەی پێی دراوە کار بکات، کە بایی ٣٠ هەزار دینارەکە بووە. بەڵام ناتوانێت دەست لەکار هەڵگبرێت، چونکە ئەو ماوەی ١٠ سەعات کارەکەی لێ کڕاوە نەک ٥ سەعات. بۆیە دەبێت ٥ سەعاتی تریش کار بکات. ئەو قازانجەی دەست سەرمایەدار دەکەوێت، لەو ٥ سەعاتەدا دێتە دەست کە وەک سەربار یان زیادە کار دەکات.

لە نووسینەکەی لینین دا هاتووە: " کرێکار بەشێک لە هێزی کارەکەی بە خاوەنزەوی، خاوەنکار و ئامڕازەکانی بەرهەمهێنان دەفرۆشێت؛ کرێکار بەشێک لە کاری ڕۆژانەکەی بۆ تازەکردنەوەی وزەی خۆی و ژیانی خانەوادەکەی خەرج دەکات، بەشەکەی تری کارەکەی بە خۆڕاییە، بەمەش زێدەباییەک بۆ سەرمایەدارەکە دروست دەکات، کە دەبێتە سەرچاوەی قازانج و سەرچاوەی دەوڵەمەندبوونی چینی سەرمایەدار. تیۆریی زێدەبایی بەردی بناغەی تیۆرییە ئابوورییەکەی مارکسە"

خاڵێکی تریش لە ڕوانگەی مارکس بۆ ئابووری: دۆزینەوەی یاسای کەڵەکەبوونی سەرمایەیە. وەک لە نووسراوەکەی لینین دا هاتووە. بە رای مارکس، ئابووری سەرمایەداری ئارەزوویەکی گەورەی بۆ کەڵەکەی زۆر و بەرهەمهێنانی کاڵا لە پێناو فرۆشتن و کەڵەکەی سەرمایەدا هەیە، بۆیە هەمیشە ئەم ئابوورییە شێوازێکی دیارو گەورەی کەڵەکەی سەرمایە و کەڵەکەی کاڵا بە خۆوە دەگرێت. بەم شێوەیەش ئەم ئابوورییە بەشوێن کۆبوونەوەی سەرچاوەکانە لەدەستی کەسانێکی کەم و

لەم نێوەندەیشدا، سەرمایە بچوکەکان، چ لە کشتوکاڵ و چ لە پیشەسازیدا دەکەونە ژێر فشاری سەرمایەی گەورە و تێکدەشێن، بەم شێوەیە سەرمایە بەرەو کەڵەکەبوونی زیاتر دەڕوات. "سەرمایە لە راستای زاڵبوونی بەسەر بەرهەمی بچووکدا، بەرهەمهێنەریی کار زیاتر دەکات و دۆخیکی مۆنۆپۆڵییانە لە بەرژەوەندی کۆمەڵەکانی سەرمایەدارە گەورەکان دەخولقێنێت. خودی بەرهەمهێنان زیاتر لە پێشوو کۆمەڵایەتی دەبێتەوە ـ سەدان هەزار و ملیۆنەها کرێکار لە یەک ئۆرگانیزمی ئابووریی رێکخراودا دەچنە پاڵ یەکەوە ـ لە کاتێکدا تاقمێک سەرمایەدار بەرهەمی کاری کۆمەڵایەتی بۆ خۆیان دەبەن، ئیدی فەوزای بەرهەمهێنان و هەڵپەی شێتانە بەدوای بازاڕدا بەهێز دەبێت و دڵنیا نەبوون لە ژیان لە ناو زۆرینەی دانیشتوواندا بڵاو دەبێتەوە"

لێکدانەوەی سیستەمی سەرمایەداری لە رووی ئابوورییەوە، مارکسی خستە سەر ئەو باوەڕەی کە ئەم سیستەمە هەڵگری ناکۆکییەکی گەورەیە لە نێوان سەرمایە و کاردا، بە گەڕانەوەش بۆ یاسای دیالەکتیک، بڕوای بەوە هەبووە کە ئەم ناکۆکییە ژیان دەهاڕێت و سەرەنجام دەبێت بگاتە قۆناغێکی تر. هەروەک چۆن لە سیستەمی فیودالی دا، ناکۆکی نێوان فیودال و جووتیار، بە تەواوی سیستەمەکەی لەناو برد، ئەوان ناکۆکی نێوان سەرمایە و کاریش ئەتوانێت ئەم سیستەمە بەتەواوی لەناو بەرێت.

بەڕای مارکس، ئەم سیستەمە بەهۆی ئەو ناکۆکییەی تێیدایە، یان مرۆڤ بەرەو بەربەریت و وێران بوون دەبەن، یان بەهۆی خەباتێکی وشیارانەوە دەتوانرێت بگۆڕدرێت بۆ سیستەمێکی

باشتر، کە کۆتایی بە شێوەی بەرهەمهێنانی سەرمایەداری بهێنێت و کار وەک چالاکییەکی مرۆیی لە پێناو بەدەستهێنانی پێداویستییەکاندا بێت نەک وەک سەرچاوەی چەوساندنەوە، نەک وەک سەرچاوەیەک بۆ کەڵەکەی کالآ و سەرمایە.

بەم شێوەیە، مارکس ئابووری سیاسی کلاسیکی بەریتانی وەردەگرێت و رەخنە لە کەموکورییەکانی ئەو ئابووریناسیە دەگرێت و سەرەنجام تێگەیشتنێکی تایبەت بە خۆی لێ دەردەکێشێت، کە بە "رەخنەی ئابووری سەرمایەداری" یان "رەخنەی ئابووری سیاسی" ناسراوە و بۆ ئەم مەبەستەش چەندان کتێب دەنووسێت، کە هەرە بەناوبانگ و دیاریان کتێبی "سەرمایە – کاپیتاڵ"ە

## سۆسیالیزمی فەڕەنسی

بە کۆتایهاتنی سیستمی دەرەبەگایەتی و سەرهەڵدانی کۆمەڵگای سەرمایەداری، گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی روویدا، ئەویش دەرکەوتنی چینی کرێکار و جێگرتنەوەی چینی جووتیار بوو. سەرمایەداری جۆرێک لە کۆمەڵگەی " ئازاد"ی هێنایە پێشەوە. ئازادی بە واتای ئەوەی کە لە کۆتوبەندی فیودالی و دەرەبەگایەتی رزگاری بووە، بەڵام ئەم ئازادییە بە کردەوە بە واتای دروستبوونی چینێکە کە هیچ جۆرە سامان و موڵک و ماڵێکی نەبووە و ژیانی بە تەواوەتی کەوتۆتە مەترسییەوە، بەو جۆرەی لینین دەڵێت " یەکسەر دەرکەوت کە ئەم ئازادییە واتە سیستمێکی نوێی چەوساندنەوەی کرێکاران ". چیرۆکەکانی ئەم ئاڵوگۆڕە زۆر تراژیدین و دەکرێت لە شوێنی خۆیاندا بچینەوە سەریان.

لە دۆخێکی لەو جۆرەدا، چەندان ئاراستەی رەخنەگرانە دژ بە سەرمایەداری سەریانهەڵدا. زۆربەی ئەو رەوتانە بە ناوی سۆسالیستی ناسراون. یەکێک لەو رەوتە سۆسیالیستییە، کە ئەو کات باو بووەو دواتر بە سۆسیالیزمی سەرەتایی تۆباویی (خەیاڵی) ناسراوە .

سۆسالیزمی خەیاڵی، رەخنەیەکی زۆری لە کۆمەڵگای سەرمایەداری دەگرت و زۆر بە توندی هێرشی دەکردە سەر. " لۆمەی دەکرد و نەفرەتی بۆ دەنارد و خوازیاری لەناوچوونی بوو" بەڵام کاتێک دەهاتە سەر باسکردن لەو سیستەمەی کە

جێگای سەرمایەداری دەگرێتەوە، لە سنوورێکی سەرەتایی و خەیاڵیدا دەمایەوە و بە زۆریش سیستەمە بەدیلەکە وەک ئەندێشەیەک دەکەوتە روو نەک وەک جێگرتنەوەیەکی واقیعی.

## بۆ سۆسیالیزمە خەیاڵی نەیدەتوانی جێگرەوەیەکی باشتر بخاتە روو؟

ئەم سۆسیالیزمە خەیاڵییە، نەهامەتییەکانی سیستەمی سەرمایەداری دەبینی، بەڵام نەیدەتوانی بەشێوەیەکی زانستی هۆیە سەرەکییەکانی ئەو سیستەمە بخاتە روو. یەکێک لەو خاڵە سەرەکییانەی کە ئەم رەوتە نەیاندەتوانی بە وردی بیناسن، جەوهەر و ناوەڕۆکی ئەو کۆیلەیەتییە بووە کە بە هۆی کاری کرێگرتەوە دروست ببوو. چونکە سەرمایەداری تەنیا سیستەمێک نییە کە دابەشبوونی سامانەکەی باش نەبێت، یان هەژارو دەوڵەمەندی تێدا بێت، بەڵکو سیستەمەکە کە لە بنەڕەتدا لەسەر یاسایەک کار دەکات، کە پێی دەوترێت یاسای بەرهەمهێنانی کالایی و گۆڕینی هێزی کاری مرۆڤەکانە بۆ کالا. کەواتە ئەوان لە بری ئەوەی دەست بخەنە سەر جەوهەری سیستەمەکە و داوای نەهێشتنی ئەو یاسایە بکەن، دەهاتن دەستیان دەخستە سەر کەموکوڕییەکان داوای نەهێشتنی کەموکوڕییەکانیان دەکرد.

ئەم رەوتە بەشێوەیەکی سەرەکی لە فەرەنساوە سەریهەڵداوە، بۆیە مارکس سەرنج دەداتە سەر ئەو رەوتە و رەخنە لە ناتەواوییەکانیان دەگرێت و وەک رەوتێک کە بەشێوەیەکی ناتوانێت بەشێوەیەکی زانستی سیستەمی سەرمایەداری شی بکاتەوە دەخاتە روو .

لەکاتێکدا ئەو جۆرە سۆسیالیستانە باسیان لە باشترکردنی ژیان دەکرد، مارکس ئاماژە بە ململانێی نێوان چینەکان دەکات و لێرەوە، لەبری چاکسازیکردنی سیستەمی سەرمایەداری، باسی لە خەباتی چینایەتی و رێکخرابوون دەکردەوە، بەشێوەیەک کە ئەو خەباتە ببێتە هۆی لەناوبردنی سیستەمەکە و گەیشتن بە سیستەمێکی سۆسیالیستی. چونکە مارکس ئەوەی سەلماند، کە خودی ئەو سیستەمە لەسەر دابەشبوونێکی چینایەتی دامەزراوە و ناتوانرێت بێ هەڵوەشاندنەوەی ئەو دابەشبوونە، هیچ هەنگاوێک بەرەو پێشەوە بنرێت.

کەواتە رەوتی مارکس، رەوتی سۆسیالیزمێکە، کە خۆی بە سۆسالیزمی زانستی ناوی بردووە. لێرەدا مەبەست لە زانست هەمان ئەو داهێنانە زانستییانە نییە کە ئەمڕۆ باون، بەڵکو مەبەست لەوە کە دەبێت تێگەیشتنێکی لۆژیکیمان بۆ هۆیەکانی دابەشبوونی چینەکان چۆنێتی کارکردنی سیستەمەکان هەبێت و لەوێوە دەست ببرێت بۆ خەبات دژی ئەو سیستەمە.

## سۆسیالیزمی خەیاڵی

پێشتر باسمان لەوەکرد، کە مارکس کەوتە رەخنەگرتن لە رەوتی سۆسیالیزمی خەیاڵی. لێرەدا هەوڵ دەدەین ئاماژەیەک بە خودی سۆسیالیزمی خەیاڵی بکەین:

لەناو سۆسیالیستە خەیاڵییەکاندا، چەند ناوێکی زۆر دیار دەبینین (سان سیمۆن، ئەوئین، فۆریە) هەر یەک لەمانە خاوەنی روانگەیەکی تایبەت بوون، بەڵام بەهۆی هەندێک خاڵی هاوبەشەوە، لە دەرەوەی خۆیان پێیان وتراوە سۆسیالیزمی خەیاڵی. کەواتە ئەم ناوە خۆیان بۆ خۆیان دانەناوە و لە دەرەوە پێیان وتراوە.

بەشێوەیەکی گشتی، سۆسیالیستە خەیاڵییەکان پێیان وابووە، کە رێگا چارەسەکی تەواویان بۆ رزگاربوون لە چەوساندنەوەی سەرمایەداری بەدەستهێناوە و خۆیان و بەرای خۆیان، بیرکردنەوە و کارکردنی ئەوان رێگایەکی دروستە بۆ رزگاربوون لە سیستەمی چەوسێنەری سەرمایەداری. بۆیە بە روونی هێرشیان دەکردە سەر سەرمایەداری و داوای کۆمەڵگایەکی باشتریان دەکرد.

بەدەر لەوەی کە بیرکردنەوەکانیان لەسەر سەرمایەداری سادە بووە، کەمتر سەرمایەداریان وەک سیستەمێکی ئابووری بینیووە کە خاوەنی یاسای خۆیەتی و لەسەر بنەمای رێبازێکی تایبەت بە خۆی دەچێت بەرێوە، ئەوا هاوکاتیش کەمتر ناسینیان بۆ ململانێی چینایەتی هەبووە و سەرەنجام رێگای شۆڕشیان بۆ روخاندنی ئەو سیستەمە نەگرتۆتە بەر و زیاتر خەیاڵیان لای

ڕێگـای "گەشـەپێدان" و گۆڕینێک بەشـێوەیەکی نـا شۆڕشـگێڕانە گرتۆتە بەر .

ئـەوان لـە بـری شـۆڕش و خـەبات، پێیـان وابـووە لـە ڕێگـای فێرکـردن و ڕاهێنانـەوە دەکرێت ئـەو گۆڕانکارییـە بکرێت. بۆیـە دەستیان بردووە بۆ خستنەڕووی چەند نمونەیەکی عەمەلی و دروســـتکردنی چەنـــد کۆمۆنێـــک کـــە تێیـــدا بـــەگوێرەی بیرکردنەوەکانی خۆیان دروستیان کردووە. پێیان وابووە، ئەگەر ئـەو جـۆرە کۆمۆنانـە یـان ئـەو جـۆرە کۆمەڵـە بچوکانـە ببنـە نمونەیـەک بـۆ کەسـانی تـر، ئـەوا ئـەوانیش ڕووی تێدەکـەن و نمونەی هاوشێوە دروست دەکەن .

## سان سیمۆن

سان سیمۆن، پێی وابووە، کە پەیامـەکانی شۆڕشـی فەڕەنسـا تەواونەکراوە و پێویستە تەواو بکرێت. مەبەستی ئەو لـە پـەیامی شۆڕشـی فەڕەنسـا ئـەوە بـوو، کـە شۆڕشـی کارکـەرا (کـۆی ئەوانەی بە ڕەنجی شانی خۆیان ئەژین) دژی کەسانی کارنەکـەر و چەوسـێنەر بـووە .بەمشـێوەیە ئـەو پێـی وابـوو، کـە هێشـتا سیسـتەمە تازەکـە بەشـێوەیەکی نـا عـەقڵانی دەچێتـە پێشـەوە و پێویســـتە بـــە شـــێوەیەکی عەقڵانیانـــە ڕێکبخرێتـــەوە. ئـەو خوازیـاری ئـەوە بـوو، کـە پرۆسـەی کـار بەشـێوەیەکی وا ڕێکبخرێتـەوە، کـە دەوڵـەت ڕۆڵێکـی باشـی تێـدا بگێڕێـت تـا ئامرازەکانی کار لە دەستی کەسانی تەمەڵ و بێسودا کۆنەبێتەوە و نەبێتە هۆی زیانگەیاندن بە کۆمەڵگا .

خاڵی دووەمی ئەوە بوو، کە مافی میرات هەڵبوەشێتەوە، تا کەس بەهۆی ئەو مافەوە سامانەکەی نەداتە کەسانی تر و بەم شێوەیە ڕێگا لە کۆبوونەوەی سامانەکان لە دەستی کەسانی تر بگیرێت.

ماوەتەوە بڵێین، کە بۆچوونەکانی سان سیمۆن، لە نێوان ساڵەکانی ١٨٢٠ بۆ ١٨٥٠ زۆرترین لایەنگری هەبووە چونکە بەهۆی هەوڵی لایەنگرانی ئەوەوە هەندێک چاکسازی کراو ئەوە بووە هۆی خۆشەویستبوونی بیروڕاکانی ئەو.

**ئەوئن:**

رابرت ئەوئن، خۆی خاوەنی کارگەیەک بووە، کەواتە ئەو بە کردەوە هەستی بە ئازارو مەینەتی کرێکاران کردووە و ئەمەش وایکردووە لای ئەو تێگەیشتنێکی تر دروست بێت. ئەوەی ئەوئن سەرنجی لێ دەدا ئەو ناکۆکییە بوو، کە لەلایەکەوە شۆڕشی پیشەسازی و تەکنۆلۆژ و دروستبوونی هەزاران کارگەی نوێ و تەکنیکی دەبینی و لەلایەکی ترەوە دەیبینی کە چەوساندنەوە خراپتر بووە و کۆمەڵگا زیاتر بەرەو ئیستغلال و تاوان و دزی هاتووە. بێکاری فراوانبووە و ژیان لە دۆخێکی خراپتردایە. ئەزمەکان بەردەوام و خراپترن . ئەو پێی وابووە هۆکاری هەموو ئەو نەهامەتیانە دەگەڕێتەوە بۆ بوونی دیاردەی ململانێ لە نێوان خاوەنکارو سەرمایەدارەکاندا. ئەو پێی وابووە کە دەستکەوتەکانی پیشەسازی ئەوەندە فراوانە کە بتوانێت ژیانێکی زۆر باش بۆ هەمووان دابین بکات. بەڵام

بەهۆی ململانێوە سەرجەم سەرچاوەکان دەبنە قوربانی و سەرەنجام بە زیانی گشتی کۆتایی دێت .
بۆچوونەکانی ئەوئن لەسەر ئەو باوەڕە بنیاتنرابوون، کە مرۆڤ خاوەنی زاتێکی پاک و بەرزەو ئەمەش پێشتر لە بیرکردنەوەی رێنیسانس دا بە زەقی هەبووە. بە گوێرەی ئەو بۆچوونە ئەگەر مرۆڤەکان نا چار نەکرێن ئەوا تاوان ناکەن و روو ناکەنە شتی خراپە و ئەگەر زەمینەی باشیان بۆ بڕەخسێت ئەوا وەک مرۆڤی باش هەڵسوکەوت دەکەن.

بۆیە ئەوئن هاتە سەر ئەو باوەڕەی کە پێویستی ژینگەی مرۆڤ راست بکرێتەوە و بەشێوەیەک رێک بخرێتەوە کە بتوانێت لەگەڵ زاتی ئەودا بێتەوە، بەو جۆرە پێی وابوو، کە دەتوانن بە بەرنامەیەکی واوە کۆمەڵێکی باشتر بنیات بنێن. لە پێناو ئەوەی کە بتوانێت کۆی سەرمایەدارەکان بخاتە سەر ئەو باوەڕە، خۆی بە کردەوە دەستی برد بۆ دروستکردنی کۆمەڵێکی دیاریکراو، کە لەسەر بنەمای بەرنامەیەکی ئامادە کار بکات. پێی وابوو ئەو نمونەیە دەبێتە هاندەرێکی گەورە بۆ سەرمایەدارەکانی تر و بەم جۆرە بە تەواوی لە شەڕی چەوساندنەوە رزگارمان دەبێت.

ئەو ساڵی ١٨٠٠ دا کە سەرپەرشتی کارخانەیەکی ٢٥٠٠ کرێکاری دەکرد، دەستی کرد بە جێبەجێکردنی بۆچوونەکانی خۆی. سەرەتا کاتی کارکردنی لە ١٦ و ١٤ سەعاتەوە کرد بە ١٠ سەعات، کاری منداڵانی قەدەغەکرد. خوێندنی منداڵانی لە ئەستۆ گرت، کرێی باشتر کرد و لایەنی تەندروستی ، لایەنی خانووبەرەی کرێکارەکانی لە چاو کارگەکانی تر زۆر باشتر

کرد. لە کۆمەڵەی کە ئەو دروستی کرد، تاوان و ئیهانە و خواردنەوەی مەشروبات نەما و تەواو کەم بووە، بە رادەیەک باش بوو کە پێویستی بە بوونی دەزگای پۆلیس و دادگا نەدەکرد. گەرچی هێشتا خۆی نمونەکەی بە سەرەتایی دەزانی، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە هەموو ئەوروپا دەنگی دایەوە و بە ڕێزەوە سەیر دەکرا .

بەڵام بۆ وەک ئەوەی خۆی چاوەڕوانی دەکرد نەبوو بە نمونەی زاڵ و خاوەن کارگەکانی تر روویان تێنەکرد؟ ئەوئن کێشەی سەرمایە و کەڵەکەی سامانی وەک تموحێکی شەخسی دەبینی، بۆیە پێی وابوو ئەگەر ئەو تموحە کاریگەری لەسەر دابنرێت ئەوا بارودۆخی ژیان زۆر باش دەبێت. ئەو نەیتدەوانی لەوە تێبگات کە سەرمایەداری سیستەمێکە، نەک لەسەر تحموح کار ناکات، بەڵکو تموحی کەسەکانیش بەرهەمدەهێنێتەوە، بە جۆرێک کە وا دەست بکەیت هەوڵدان بۆ سامان و پارەی زۆر بەشێکە لە زاتی مرۆڤ. ئەوئن، نەیتوانی کار بکاتە سەر خاوەن کارگەکانی تر. بەڵام بە هۆی هەوڵەکانی ئەو پەرلەمانی بەریتانیا کاری منداڵانی ژێر ٩ساڵی قەدەغە کرد. خۆی هەستی بە جۆرێک نا ئومێدی کرد و روویکردە ئەمریکا .لەوێ لە ساڵەکانی ١٨٢٤ و ١٨٢٧ دا ویستی هەمان نموونە بخاتەوە کار، سامانێکی زۆری خۆی لەم کارەدا خەرج کرد، بەڵام ئەنجامێکی وەها دەست نەکەوت. دواجار هاتەوە بۆ بەریتانیا و کەوتە کاری سەندیکایی. ساڵی 1833 یەکەمین سەندیکای کرێکارانی بەریتانیا دروست بوو، کە نیو ملیۆن ئەندامی هەبوو، لە یەکەم کۆنگرەدا ئەوئن وەک سەرۆکی سەندیکا هەڵبژێردرا .

نزیکی ئەون لە کەسانی بە نفوزی ناو کرێکاران، وایکرد کە بیروباوەڕەکانی زۆر بڵاو بێتەوە و لەناو کرێکاراندا لایەنگیرییەکی زۆر بەدەست بهێنێت.

ئەوئن، بە تێپەڕبوونی کات، جۆرێک گۆڕانکاری لە بیروباوەڕەکانیدا دروست ببوو، بە جۆرێک کە سەرنجی چووە سەر خاوەنداریێتی تایبەت و رۆڵی خراپی کەسانی ئایینی و پەروەردەی خێزان. ئەتوانین بڵێین ئەو بەرەو جۆرێکی سەرەتایی کۆمۆنیزم هاتبوو .

ئەوئن روویکردە بیرۆکەی دروستبوونی تەعاونییەکان. بە رای ئەو دەبوایە هەمووان لە تەعاونییەکاندا هاوبەش بین و بەرامبەر بە ماوەیەکی دیاریکراوی کارکردن شتێکی تر، یان بەرهەمێکی کار کە بۆ ئەو پێویستە وەربگرێت، بەم جۆرە کارو بەرهەمەکانی تر ئاڵوگۆڕی پێ بکرێت. بەڵام دیارە ئەم پرۆژەیان سەختر بوو، بۆیە سەرکەوتوو نەبوو لە هێنانەدیدا. سەرەنجام لایەنگرانی بۆچوونەکانی ئەو بەرەو کەم بوون هات. سەرهەڵدانی بزووتنەوەی چارتیسی، کە بزووتنەوەیەکی کرێکاری بوو داوای مافی بەشداریکردن لە دەنگدانی دەکرد، زەمینەی بۆچوونەکانی ئەو بە تەواوی کەم کردەوە .

ئەوئن، زەمینەخۆشکەری مەیلی ریفۆرمیستی بوو لەناو بزووتنەوەی کاریکاری بەریتانیا. پێی وابوو دەبێت سیاسەت پاشکۆی ئابووری بێت. کۆتاییەکانی تەمەنی تووشی نا ئومێدی دەبێت و بەتەواوی واز لە سیاسەت دێنێت و رووودەکاتە راهێنانە رۆحی و ئایینەکان.

## فۆریە:

فۆرییە هاوشێوەی سیان سیمۆن بووە .ئەویش دەکەوێتە رەخنە لە کاریگەرییە خراپەکانی شۆڕشی فەڕەنسا .سەرنجی خستە سەر ئەو وێرانبوونەی کە شەڕە تازەکانی ئەورپا و بە تایبەت شەڕەکانی ناپلیۆن لەگەڵ خۆیدا هێناویەتی. ئەو لە روانگەی خۆیەوە نا عەقڵانییەتی سەردەمی خۆی بە چاو دەبینی. فۆریە پێی وابوو، کە مێژووی بەشەری دابەش دەبێت بۆ چوار قۆناغ (وەحشییەت، بەربەری، باوک سالاری، شارستانی) بە رای ئەو هەر یەکێک لەم قۆناغانەش خۆی قۆناغی گەشەکردن و داڕمانیان هەیە. لای ئەو قۆناغی شارستانی هەمان قۆناغی کۆمەڵگای بورژواییەو پێی وابووە، ئەگەر ئەم قۆناغە بەرەو باشتر نەچێت، ئەوان مرۆڤایەتی بە تەواوی بەرەو وێرانە دەچێت و چارەنووسێکی زۆر خراپی بەرەو ڕوو دەبێتەوە.

بە رای ئەو، ململانێ و بازاڕی ئازاد و بەرهەمە بچوکەکان و کاری بەکرێ، هۆیەکی سەرەکی ئەم وێرانەیەن، بۆیە کەوتە پێشکەشکردنی بۆچوونی کۆمەڵگایەک کە لەسەر بنەمای یەکە بچوکەکان دروست بووبێت .مەبەستی ئەو ئەوە بوو کە کەسەکان ئەتوانن لە یەکە بچوکەکاندا هەم هاوکاری یەکتر بن و هەم تواناییە شەخسییەکانی خۆیان پەرە پێبدەن، بێ ئەوەی بکەونە نا بێسەروبەری ئابووری و ململانێیەکی خراپەوە . ئەوئن، زۆر گرنگی بە رۆڵی ژنان دەدا و ئەو وتە بەناوبانگەی دەڵێت "ئازادی ژنان پێوەری ئازادی کۆمەڵگایە "دەگەڕێتەوە بۆ ئەو.

فۆریـە پێـی وابـوو، کـە دەبوایـە کۆمـەڵگا بـۆ ئـەو ئـاڵوگۆڕە بـە تەواوی ئامادەبوایە، نەک پارچە پارچە. هەر بۆیە زۆر گرنگی بە فێربوون و راهێنان دەدا .

کاریگەرییەکانی فۆرییە وەک سان سیمۆن و ئەوئن نەبوو، بەڵام فۆریـەش خـۆی خـاوەنی پێگـەی خـۆی بـووە و لایەنگرییـەکی بـەرچاوی هـەبووە. لایـەنگرەکانی ئـەو لـە فەرەنسـا و ئـەمریکا هـەوڵی هێنانـەدی بۆچوونـەکانی ئـەویان دا، بـەڵام ئـەنجامێکی وەهای نەداوە بە دەستەوە .

کاریگەری فۆرییە زیاتر لـە لایـەنی تیۆرییـەوە بـووە. بۆیـە زیـاتر هەست بە کاریگەرییە فکرییەکانی ئەو لەسـەر سۆسیالیسـتەکانی دوای خۆیان، لەوانەش مارکس، دەکەین.

## شیکردنەوەی هەندێك چەمك:

**ئەم شیکردنەوەو پێناسانەی خوارەوە، لەلایەن بەشداربوانی خولەکەوە ئامادەکراوە، لێرەدا و بۆ زیاتر ئاسانکردنی تێگەیشتنەکە دایان دەنێینەوە.**

**زێدەبایی:**

"زێدەبایی بریتییە لە جیاوازیی نێوان بەهای مەسرەف و بەهای ئاڵوگۆڕ"
با ئەم ڕستەیە رونتربکەینەوە بەم شێوەیە؛ "بەهای مەسەرف" واتە تێچونی مادەی خاو، کەرەستەکانی بەرهەمهێنان و ئەو تێچووەی کە لەبەرامبەر هێزی کاری کریکاردا دراووە و "بەهای ئاڵوگۆر" واتە ئەو بەهای کە دەدرێت بە کالآی بەهەمهێنراو بۆ ئالوگۆرکردنی لە پرۆسەی بلآوکردنەوە بەرهەمدا. بە نمونەیەک زیاتر روونی بکەینەوە؛

گریمان:
بەهای ئالۆگۆری کالآیەک = ١٠٠ دولار
بەهای مەسرەف (تێچونی مادەی خاو، کەرەستەکانی بەرهەمهێنان ٤٠دولار بێت + ئەو تێچووەی کە لەبەرامبەر هێزی کاری کریکاردا دراووە ٢٠دولار بێت ) = ٦٠دولار

ئێستا کرداری جیاوزی یان لێدەرکردنی نێوان بەهای مەسرەف و بەهای ئالوگۆر ئەنجام بدەین ئەوا بەم شێوەی لێدێت؛
١٠٠ دولار – ٦٠ دولار = ٤٠ دولار (ئەمە زێدەباییە)
ئەم زێدەباییە چۆن دروست بوو؛

لەراستیدا ئەوە زێدەبابییە لە هێزی کاری کرێکارەکە دزراووە واتە بەهای راستەقینەی هیزی کاری کرێکارەکە بریتییە لە زیدەبایی (٦٠) + ئەو تێچووەی کە لەبەرامبەر هێزی کاری کریکاردا دراووە بە کرێکار(٢٠) = ٨٠ دولار

بەهای ئالوگۆری کالاّ= هێزی کار(سەمایەدار لەمە دزی دەکات لەبەرئەوەی سەمایەی گۆڕاووە) + تێچونی مادەی خاو و کەرەستەکانی بەرهەمهێنان (سەرمایەدار ناتوانێت لەمە دزی بکات لەبەر ئەوەی ئەمە سەرمایەی نەگۆرە )

**سیستەمی فیودالی :**

واتە دەرەبەگایەتی ، لە سیستەمەدا جوتیار بە ڕێژەیەکی بەر چاو ئەچەوسێنرێتەوە لە ڕووی کار و پێدانی باج و سەرانە ، واتە لەم سیستەمدا جوتیار خاوەنی موڵکیەت نییە و وەکو کار کەرێک کار لە زەوی و زاری دەرەبەگێک دەکات .

دەرەبەگ لەم سیستەمەدا هۆکاری زیاتر بوونی زەوی زارەکانی دەگەڕێتەوە بۆ وەلاء و خزمەت کردنی پاشا و ئیمپراتۆرەکان ، واتە لە پاداشتی خزمەت کردنی دەسەڵاتی بەڕێوبەر دەبێتە خاوەن زەوی و زارێکی بێشومار و ژمارەیەکی زۆریش لە جوتیاری بێ ماف کە تەنیا کاریان ئیش کردنە لەو کێڵگانە وە دانی باج و سەرانە بە دەرەبەگ و ئاغاکانیان لەم سیستمەدا پیاوانی ئاینی ڕۆڵێکی دیاریان هەیە لە زیاتر فراوان بوونی دەسەڵاتی دەرەبەگ و ئاغاکان دا تا زێدەتر ڕەوایەتی بدرێت بە زوڵم و زۆرداریان دەرهەق بە جوتیاران .

**بەهای کالاّ**

بەهای کالاّ بەندە بە و کاتەی کا بۆ بەرهەم هێنانی کالاّکە پێویستە واتا ئەگەر ئێمە تەلەفزیۆنێک وەک کالاّ وەرگرین ئەگەر لە ماوەی ١٠ سەعاتدا

کالاکە بەرهەم بێت ئەوە بە پێی ئەو کاتەی کە تەڵەفزیۆنەکەی تیا دروست کراوە بەهایکەی دیاری دەکات ...

**ئادەم سمس**

ئادەم سمس لە سەدەی هەژدە (١٧٢٣- ١٧٩٠)ژیاوە،زۆربەی ئابوریناسان بە باوکی زانستی ئابوری دەیناسێنن.یەکەم کەس بوو کە ئابوری نوێی دامەزراند و لێکۆڵینەوەی چڕوپڕی لە بارەی سیستەمی سەرمایەداری ئەنجامدا،بە دامەزرێنەری فیکری لیبراڵی لە ئابوریدا دادەنرێت،بەهۆی بڵاوکردنەوەی پەرتوکی سامانی نەتەوەکان ناوبانگی لە ئەوروپا بڵاو بوویەوە،کە لە هەزار لاپەرە زیاتر بوو،لە سەرەتای شۆرشی پیشەسازی کتێبی سامانی نەتەوەکانی بڵاوکردەووە.ناوەرۆکی ئەم کتێبە پرینسپ و یاسا و بنەما و سروشتی سیستەمی سەرمایەداری روندەکاتەوە.پەرتوکی سامانی نەتەوەکان تەنیا بیرۆکە و بیردۆزە نوێیەکەی سمس لە خۆ ناگرێت لە بارەی ئابوریەوە،بەڵکو وەک ئینسکلۆپیدیایەکی ئابوری سەیر دەکرێت کە زۆربەی بیردۆزە ئابوریە کلاسکیەکان و بیرۆکە فەلسەفیە ئابوریە کلاسیکیەکانی وەک:فرانسوا کینیای،جۆن لۆک و دەیڤد هیۆمی لە خۆگرتووە.لە دیدی سمس نابێت حوکومەت دەست بخاتە کاروباری ئابوری و بازرگانی و بەرهەمهێنان،باوەری وابوو بازرگانی ئازاد باشترین ئامرازە کە بتوانێت ئابوری وڵاتێک ببوژێنێتەوە،هەروەها دژی کۆت و بەندە ئابوریەکان و سیستەمی گومرگی بوو.ئادەم سمس لە کتێبی سامانی نەتەوەکان پێناسەی زانستی ئابوری دەکات و دەڵێت:زانستی ئابوری ئەو زانستەیە کە گرینگی دەدات بە لێکۆلینەوەی ئەو ئامرازانەی کە لە توانایاندایە سامان زیاد بکەن.بەمانایەکیتر لەو ئامرازانە دەکۆلێتەوە کە نەتەوە لە رێگەیانەوە دەوڵەماند دەبێت.بە بروای سمس مرۆڤ بە سروشتی خۆی بونەورێکی ئابوریە،بەو مانایە مرۆڤ لە کاتی قسەکردن لەگەڵ

کەسێکی تر (بمدەرێ،پێویستمە،بەدەستمهێنا)ئەم گوزارشتە ئابوریانە بەشی گەورەی ئاخاوتنەکانی مرۆڤ پێکدەهێنن.سمس باوەری وایە مرۆڤ بونەورێکی خۆپەرستە،بەو مانایەی کار ناکات لە پێناو مرۆڤیەتی،بەڵکو کاردەکات لە پێناو سود و بەرژەوەندی کەسی.ئادەم سمس لە پەرتوکەکەیدا ئاماژە بەوە دەکات سەرچاوەی یەکەمی سامانی نەتەوەکان زەوی نیە،بەڵکو کارە،کارکردن بەرهەمە پێویستی و کەمالیەکان زیاد دەکات.کەواتە سەروەتی نەتەوەکان بە کارکردن زیاد دەکات،کاریش بەهۆی پسپۆری و دابەشکردنی کار و پەرەپێدانی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان زیاد دەکات.وە باوەری وابوو گەورەترین پاڵنەر کە لە پشت زیادکردنی سامانی گشتیە بریتیە لە بەرژەوەندی کەسی،بە مانایەکیتر هەوڵدان بۆ چاکدردنی دۆخی کەسی وا لە تاکەکان دەکات کە سامانەکانیان زیاد بکەن.بۆیە باوەری وابوو ئەو تاکەی هەوڵی باشترکردنی بژێوی خۆی دەدات،راستەوخۆش رۆڵ دەگێریت لە پەرەپێدانی کۆمەڵگە بە گشتی.بە بڕوای سمس هەموو شمەکێک دوو بەهای هەیە:بەهای بەرهەمهێنان و بەهای بەکارهێنان،بەڵام ئەوەی ئەم دوو بەها جیاوازە کۆدەکاتەوە بەهای ئەو کارەیە کە لەم شمەکە سەرفکراوە.